# وێستگەی نامۆبوون

شەپۆل فەتحی کەریم

سەفەرم لەپێشە
تەزووی تارمایی مەرگیش لەدواوە
منی هاوەڵ و شەکەتی ئەم ڕێیە،
بۆ کوێ مل بنێم؟
بەرەو کوێ سەری خۆم هەڵگرم؟
سەفەرێک لێوان لێو لەمەرگ و
جودایی،
تەژی لە خەم و ژان!
هەمیشە دوور دەچم
پێیەکانم نابەڵەد ملی ڕێ دەگرن!
نازانم بەرەو کوێ؟
چ شوێنی نادیار، مل دەنێن؟
* * *
پێدەشتی خەمێکی کاکۆڵ زەرد،
بەخوێن سوور
دەمکاتە قردێلەی قژی خۆی
ئاسمانێک دەسماڵ و
تریفەیش گڕو سکایم تێدەگرێت...
بەم شەوە پاییزییە..
دوور دەڕۆم، دوور دوور دوور
نازانم ملی کام ڕێ بگرم و
سەری خۆم بۆ کوێ هەڵبگرم؟
لەباخچەی سەفەردا،
گوڵەکان، ڕووت و قووت
هەناسە پڕیەتی لەناڵەو خەمی دڵ،
نیگاکان مات و کز لە درزی کاتەوە
بێ ترس دەپەیڤن
شنەبایش بەچرپەو ئاوازی خەمەوە

پێ بەپێی سەفەرو ئازاری تەنیایی،
هاوخەم و هاوەڵی سەفەرمن.

* * *

لەمەودای سەفەری نامۆیی
هەورەکان لووتکەکان جێدێڵن
سەرتاپای پێدەشت و زامی رۆح دەخەنە
باوەشیان
بەدەم کاروانی سەفەری غوربەتیم،
ئاوازی ئازاری عەشقێکی نامۆیی،
دەکەنە گۆرانی،
درەختەکان بەترپەی دڵیان و
هەناسەی سارديان
باوەشێک لەگوڵ و گەڵای رۆح
دەبەخشنە گیانی من.
بۆ ئەوەی تەنیاییم لەناخی سەفەردا
بگاتە دوا وێستگەی نامۆبوون
سەفەرو نامۆبوون
چریکەو سترانی خەمێکن
نامۆبوون: عیشقێکی پڕ ژانە
سەفەریش: یاخیبوون
جەستەی شەکەتم یاخیبوون دەکاتە
باوەشی
ئازارێک دەخاتە ناو رۆحم
رێگایەک وەک گێژەن لاشەی شەکەتم
قووت دەدات
سات لەدوای سات
لەناخ و ئازاری سەفەردا
بزرو بێ شوێن پێ
سەری خۆم هەڵدەگرم..
پێدەشتی خەمێکی کاکۆڵ لوول
دەمکاتە ئازاری غوربەتی
رووبارێک بەچپەچپیم دەڵێ:
تۆی یاخی هەناسەت ئاگرەو
سەفەرت سەرابە
بێ هوودە مل دەنێی ناگەیتە هیچ
شوێنێ..
زریانێک لە خەونی و باخچەیەک پڕ
گوڵی
ماڵئاوا هاوڕێی پاییز و غوربەتی
ماڵئاوا تەنیایی.

